www.kurdistannet.org
21-7-2006 10:59 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# جۆرج بوش و ئالآی ئه مه ریکا

حه مه نوری عومه ر کاکی

ئه وا چه ند رۆژێکه یاریه کانی جامی جیهانی تۆپیێ مۆندیاڵ کۆتاییان هات ،ئه و چه ند ملیۆن خه ڵکه ی به ئالآی ره نگاوره نگی ولآته کانیانه وه بۆ هاندانی یاریکه ر انیان هاتبوون ئه وانیش ئه ڵمانیایان به جێهێشت،به لآم تائێستاش ئالآی ئه ڵمانیا به سه ربانی ته لاره به رزه کانه وه، به سه رئۆتۆمبێلو به شوشه ی په نجه ره ی ماڵه کانه وه ماوه ته وه و ده شه کێته وه ئه وانه ی له ئه مه ریکا وه ،له ئوستراليياو به رازيله وه، له فه ره نسا وئسپانیا و ئیتالیاوه٠٠هتد هاتبوون ئالآکانیان راده وه شاند،ئه وپیره ژن و پیره مێردانه ی تائێستاش به سه رپاسکیله وهبه ده ستی له رزۆکه وه ئالآی ئه ڵمانیا به ڕوی یه کدیدا به رز ده که نه وه ، ئه وانه هیچکامیان خه ڵکێکی نه فام و هه رزه و ناکامڵ و مناڵومه زم نین ،ئالآ هه ڵگرتن و هاندانی یاری که ران شه ره په رۆ و شه ره گه ره ک و شتێتر نییه، بردنه وه و دۆڕاندن و سه رکه وتنی تیپه کانیان به سه رکه وتن و سه ربه رزی ولآت و گه ل و نه ته وه داده نێن ٠ له مێدیاکاندا له چاوپێکه وتن و لێدوانه کانیان له مه ر یاریه کان هه رده م به بالآی نه ته وه و مه زنی گه ل و ولآته که یاندا هه ڵده ده ن ،که سێ نییه له ئه ڵمانیا ئه م ڕسته یه ی نه بیستبێ که ده ڵێن :من شانازی به ئه ڵمانیا وه ده که م !، ئه مانه هه مووی واتای باوه ر به خۆبوون و ئینتیمایه بۆخاک ونه ته وه،ته نانه ت سه رۆکی ئه مه ریکا جۆرج بوش له سه ردانه که یدا بۆ ئه ڵمانیا مه دالیائالآ ی ئه مه ریکای به سنگیه وه هه ڵواسیبوو ٠ بڵێی ئه م ده رکه وتنه ی جۆرج بوش به و ئالآ یه وه بۆ ولآتێکی وه ک ئه ڵمانیا واتاو چه مکی خۆی نه بێ ؟ ٠ بوو نی ئه وهه سته نه ته وه ییه وئه وئینتیما و پیرۆزی ئالآیه وه ک له م چه ند دێره دا هاتوه و هه موومان به چاوی خۆمان بینیمان حه قیقه تێکی حاشالێ نه کراوه،ئه گه رئه ودیارده یه له نێوکۆمه ڵ و خه ڵکانێکی شارستانی و پێشکه وتووی وه ک ئه وروپای رۆژئاوا وئه مه ریکادا ئاماده یی هه بێت،ئاخۆ بۆ نه ته وه ی بن ده ست و هه ژار و دواکه وتوه کا ن،بۆ ئێمه ی کورد چه ند پێویست و گرنگه لای که سی کورد بوونی هه بێت ؟ ٠گومان له وه دا نییه که هه موو به رپرسه کان و هه موو سه رکرده کورده کان پێشمه رگایه تیان کردووه و پێشمه رگه ش نموونه ی مرۆڤی ئازاو به توانا و خۆ به خشوخۆ ڕاگره،خۆزگه یه کێ له وکاربه ده ست و وه زیرو گزیره کوردانه ئازاو به جه گ به غیره ت بوایه کاتێ که سه ردانی ولآته دراوسێکانی کوردستانی ده کرد ئالآ ی کوردستانی له سنگ و یه خه ی بدایه!!٠